# ئەدەب و کولتوور
رووداو

## ژنێک رۆمانێک دژی ژنان دەنووسێ



■ ئا: سیروان عەباس

خانمە نووسەر و وەرگێڕی رۆژهەڵاتی کوردستان شەپۆل مەجیدپوور، سەرقاڵی نووسینی رۆمانێکە بە ناوی "دوایین ئەسپەکانی جیهان" و ئێستا لە قۆناغی کۆتایی کارەکەیدایە.

شەپۆل مەجیدپوور بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند "دوایین ئەسپەکانی جیهان ، بە سەبکی ریالیزمی جادوویی نووسراوە و دژ بە کارەکانی پێشووی خۆمن کە تاوەکو رادەیەک لەسەر ژنان بەجواب هاتووم، ئەمجارەیان رەخنەیەکی توندم لە ژنان گرتووە، وەک چۆن ژنێک دەتوانێت وڵاتێک ئاوەدان بکاتەوە، ئەوهاش دەتوانێ وێرانی بکات".

مەجیدپوور دەڵێت: "دەمەوێ لە رێگەی رۆمانە 300 لاپەڕەییەکەمەوە ئەوە بە ژنان بڵێم کە ئەگەر وریا نەبن، وڵاتمان وەکو وڵاتی نێو رۆمانەکە وێران دەبێت".

شەپۆل مەجیدپوور ساڵی 1985 لە شاری بۆکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە، تاوەکو ئێستا سێ کتێبی چاپکراوی کوردی هەیە، "دوایین ئەسپەکانی جیهان" چوارەمین کتێبی ئەو ژنە نووسەرە دەبێت.

## "دۆناودۆنی فەلسەفی"ی هەندرێن بڵاوکرایەوە

■ رووداو. ستۆکهۆڵم

"دۆناودۆنی فەلسەفی" نوێترین کتێبی فەلسەفیی، هەندرێن، نووسەر و شاعیرە کە کۆمەڵێک گوتاری فەلسەفی لەخۆدە گرێت.

هەندرێن بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند: "نائامادەیی هزری فەلسەفیی و پرسیاری پێویست بوون و نەبوونی فەلسەفە لە جڤاکی کوردستاندا، هەمیشە ئامادەیی هەیە پرسیاری بوون و نەبوونی فەلسەفە و هزر لە بواری رۆشنبیریی کوردییدا لە نەبوونی وەڵامەکەدا نییە، بەڵکو لە پرسیارەکە خۆیدایە، چونکە فەلسەفە بە پرسیارکردن لێی دروست ناکرێت، بەڵکو خۆی پرسیارە".

هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەکرد، فەلسەفە ئەوکاتە ئامادە دەبێت کە ئێمە بەرانبەر بوونایەتیمان دۆشداماو بووین. هەروەک ئەوکاتە فەلسەفە سەرهەڵدەدات کە ژیان ناچارمان بکات چۆن بژین؟ فەلسەفە خۆی پرسیارە، کاتێک بوونی ئێمە نەبوو بێت بە پرسیار، فەلسەفەش نابێت بە پرسیار. بۆیە هەر کاتێک کۆمەڵگەی ئێمە بگات بە دۆخێک کە ناچاری پرسیاری بکات، ئەوکات فەلسەفە خۆی لە بوونماندا دەچرپێنێت.

کتێبەکە 221 لاپەڕەی قەبارە مامناوەندە و لەلایەن کتێبفرۆشی مێخەک لە شارۆچکەی سۆران چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

هەندرێن، لە 1963 لە هەولێر لەدایکبووە، 9 ساڵ پێشمەرگە بووە، لە 1991ەوە لە سوێد دەژی. لە سوێد ماستەری لە "مێژووی هزر" وەرگرتووە. خاوەنی چەندین بەرهەمی ئەدەبی و فەلسەفییە.






## "زۆڵەکەی ئیستانبوڵ" دەکرێتە کوردی

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

"زۆڵەکەی ئیستەنبوڵ" ناوی رۆمانێکی ئەلیف شەفەق، رۆماننووسی تورکە و سەلاح حەسەن پاڵەوان بۆ سەر زمانی کوردیی وەرگێڕاوە.

رۆمانەکە لە 484 لاپەڕە پێکدێ و لە چاپەمەنی مانگ لە بانەی رۆژهەڵاتی کوردستان چاپ و بڵاوکراوەتەوە و لە رۆژهەڵات و باشووری کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

رۆمانی "زۆڵەکەی ئیستانبوڵ" بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە و یەکێکە لە کارە بەناوبانگەکانی ئەو نووسەرە. بەهۆی ئاماژە بە جینۆسایدی ئەرمەنەکان لەم رۆمانەدا، ساڵی 2006 لە دادگای تورکیا سکاڵایەکی لەسەر تۆمار کرا، بەڵام دواتر بێتاوان دەرچوو.

سەلاح حەسەن پاڵەوان، لە بارەی رۆمانەکەوە بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند (زۆڵەکەی ئیستانبوڵ) بەسەرهاتێکی مێژوویی نێوان تورک و ئەرمەنە، سەنتەری بەسەرهاتەکە ژیانی خێزانێکە زۆربەیان ئافرەتن و پیاوەکانیان ناگەنە تەمەنی پەنجا ساڵی دەمرن، دواجار بۆ پاراستنی بەردەوامییان تاقە کوڕی ئەو ماڵە بەناوی مستەفا قازانچی رەوانەی ئەمەریکا دەکەن تا تەمەنی درێژ بێت و وەچەی قازانچی بەردەوام بێت.


گوتیشی، کەسایەتییە سەرەکییەکانی ئەم رۆمانە دوو کچن بەناوەکانی ئاسیا و ئارمانۆش، ئاسیا خودی زۆڵەکەیە و تورکە، ئەو کچەی لە ئەنجامی دەستدرێژیی مستەفا بۆ سەر خوشکەکەی زولەیخا دێتە دنیاوە، بەڵام ئەو نهێنییە لە نێوان مستەفا و زولەیخادا دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی ئارمانۆشی ئەرمەنی کە مستەفا زڕباوکێتی، بۆ گەڕان بە دوای مێژووی خێزانە جینۆسایدکراوەکەی رووده‌کاتە ئیستانبوڵ، ئیدی لەوێوە شێرازەی شتەکان هەڵدەوەشێنەوە و نهێنییەکان ئاشکرا دەبن.

ئەلیف شەفەق، نووسەری تورک، ساڵی 1971 لەدایک بووە، خوێندنی زانستی سیاسی تاوەکو قۆناغی دکتۆرا تەواوکردوە، دواتر لە زانکۆکانی ئەمریکا خەریکی وانە گوتنەوە بووە، سەرەڕای نووسینی ئەدەبی، سەرقاڵی کاری رۆژنامەگەریشە. تاوەکو ئێستا 15 کتێبی بە زمانەکانی تورکی و ئینگلیزی نووسیوە کە 10 دانەیان رۆمانن. بەرهەمەکانی تا ئێستا بۆ 48 زمان وەرگێڕدراون.





# یاداشتێک لەبارەی (دواهەمین هەناری دونیا)




◄ ڕەزا خەندان*

◄ وەرگێڕانی: مەریوان هەڵەبجەیی

هەمیشە پێموابووە خوێنەری ڕۆمان – هەر خوێنەر و هەر ڕۆمانێک – کاتێ دەگاتە دوایین لاپەڕە و کتێبەکە دادەخات، هەستێکی گشتی، هەستێکی زاڵ، زەین و دڵی سەرگەرم دەکات بەخۆیەوە. منیش کاتێ دوایین لاپەڕەی "دواهەمین هەناری دنیا"م تەواو کرد، وا تێگەیشتم بەگشتی هەستکردن بەئاوارەیی و لەناوچوون زاڵە بەسەر فەزاکەدا و شەپۆل دەدات، لەناوچوونی مرۆڤی جیهانی سێیەم لە دۆخی هەنووکەی دنیادا. تەنانەت دەشتوانرێت گشتگیر بکرێت و دۆخی ژمارەیەکی زۆری مرۆڤەکان لە دنیای ئێستادا و لەو پەنجەرەوە کە بەختیار عەلی لە ڕۆمانەکەیدا تەنیا بەڕووی سوچێکیدا کردوویەتییەوە تا سەیر بکرێت. دیمەنێکی جوان نییە. هەرچی هەیە ئاوارەیی و لەناوچوونە، لەناوچوونی مرۆڤ. ڕەهابوون لە کەشێکدا کە زەوییەکەی ژێر پێیان هەر ساتەی بەناوێک یا ڕەنگێکەوە دەکەوێتە لەرزین. تەنانەت ڕاوی (گێڕەرەوە)ی سەرەکی ڕۆمانەکە، هەر ئەو کەسەی کە بڕیارە ئێمە بەرێت بۆ دیداری دنیای ڕۆمانەکە، لەکاتی گێڕانەوەدا پێی لەسەر زەوییەکی ڕەق و جێگیر نییە، کەشتییەکی ترساو لە تۆفان و شەپۆلی زەریا، ئەمە هێمایەکە بۆ دنیای دەوروبەرمان، هاوسەفەری کەسانێک کە بەدوای پەنایەکدا دەگەڕێن و بەهیوای پەیداکردنی جێگایەکن ئاسایش و دڵنیایی تێدابێت، خۆیان خستووەتە مەترسییەوە و بەدوای "سەریاس"ی خۆیاندا دەگەڕێن،

وەک گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە. گێڕەرەوە بەڵام تەنیا گێڕەرەوە نییە. خۆی کەسێتییەکی سەرەکی ناو ڕۆمانەکەیە و پێش هاتنە ناو ڕۆمانەکە بیست و یەک ساڵ لە تەمەنی خۆی لە بیابان لەناو لم و دوور لە مرۆڤ لە دیلێتیدا بردووەتە سەر: لەناوچوونی تەمەنی مرۆڤ.

بەڵام تا ئەم لەناوچوونە ببێتە هەست و ببێتە باوەڕی مرۆڤ، دەبێ ئەو خەونەی کە چەندین ساڵ تەنیایی و دیلێتیت بۆ کێشاوە، بووبێتە تەعبیرێکی ئاوەژوو.

هەر بەو شێوەیەی کە بەسەر گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە، موزەفەری سوبحدم هاتووە. ئەمە چارەنووسی تەواوی کەسێتییەکانی ڕۆمانەکەیە. هەریەک لەوان لە بوونی ئەویتردا بەدوای خەونی خۆیدا دەگەڕێت و ئەو ئەویترە، خۆی لەناوچوویەکی دیکەیە. یەعقوبی سنەوبەر، ڕابردووەکانی خۆی و ئامانجی ڕابردووی خۆی لە بوونی موزەفەری سوبحدەمدا دەبینێ و دەیەوێ بیپارێزێ لە پیسییەکانی دنیای دەوروبەر تا باوەڕ بکات بەشێک لە خەونەکانی ڕزگار کردووە، تا دڵی بەوە خۆش بکات کە کەسێک خەونی هەیە و هێشتا پیس نەبووە، بەڵام موزەفەر بەدوای کوڕەکەی خۆیدا دەگەڕێ و مانەوە و بوون و هێشتنەوەی بەمانای ژیانی خۆی دەزانێ. گەڕانێ کە تا زیاتر درێژەی دەبێت لەناوچوونی ژیانی کەساسەکان زیاتر ئاشکرا دەکات. کراوەیی بیرۆکەی ڕۆمانەکە، هاوڕایە لەگەڵ گەڕانەکانی موزەفەری سوبحدەم. سەریاسی کوڕی ئەو لە یەک کەسەوە بووەتە سێ سەریاس. سێ سەریاسمان هەیە، کامیان کوڕی ئەوە؟ چ جیاوازییەکی هەیە؟ هەرسێکیان لەدۆخێکدا کە خۆیان هەڵیاننەبژاردووە و کەمترین ڕۆڵیان نەبووە لە دروستکردنیدا، گرفتار بوون و بوونیان دۆڕاندووە. سەریاسی یەکەم، ئەم داماوە بەرەڵاکراو و بێکەس و هەژارە، تەنیا بە یارمەتی تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکانی خۆشەویستیەکی لەناو دەسگێڕ و کۆڵبەرەکانی ناو بازاڕدا بەدەستهێناوە، چ فەسڵێکی درەوشاوەیە ئەو جێگایەی کە بەختیار عەلی ژیان و تێکۆشان و خۆشەویستی و پەیوەندیی ئەم گرووپە کرێکارە وێنا دەکات، فەسڵێکی بەهێز و وێناگەلێکی زیندوو لە شەڕکردن بۆ ژیان و مافی ژیان، مرۆڤگەلێک بە گەوهەرێکی ترەوە، گەرچی لە دۆخێکی ناخۆش و ئەستەمدا دەژین، بەڵام بایەخ دادەنێن بۆ ژیان و ژیانیان خۆشدەوێت و تێدەکۆشن بۆی.

دامەزراوەی کرێکاران و کۆڵبەرەکانی بازاڕ بەیارمەتی تێکۆشانەکانی دوو سێ کەس و لەسەرووی هەموویانەوە سەریاسی یەکەم دروستبووە، بەڵام دنیای دەوروبەری ئەو، ئەو دۆخەی کە هەیە و پاسەوانەکانی، تەحەمولی ئەم جموجوڵ و هاوڕاییەیان نییە. پاشان بەشێوازی هەمیشەییان خەنجەر دەخەنە سەر ڕەگی ژیانی کەسێک کە هەر خۆیان ڕەگەکانی بوونیان بچووک و باریک کردووەتەوە.

سەریاسی یەکەم دەکوژرێ، لەناوچوونی لاوێک بە کۆمەڵێک خەونی زۆرەوە و دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی. ئایا دنیای هەنووکە جێگایەکی نییە بۆ ئەم جۆرە خولق و خوویانە؟

سەریاسی دووەم دەزگایەکی شەڕکەرە. سەرەتا لەناو گرووپگەلێکی چەکداری جۆراوجۆردا شەڕ دەکات تا نانێ بەدەست بهێنێ و لەبرسان نەمرێ. بەڵام هەنگاو بەهەنگاو تایبەتمەندیی شەڕ، دەبێتە تایبەتمەندیی تاکەکەسی ئەو، بەرەو لایەک دەڕوات کە کوشتن دەبێتە فەلسەفەی ژیانی. نا، "بەرەو لایەک دەڕوات" ڕاست نییە، بەڵکو "بەرەو لایەکی دەبەن" ڕاستە. سەریاسی دووەم لەناخەوە لەناودەچێ. ئیدی خەڵک دەکوژێ تا ئاوازی ژیان لەناخیدا نەبیستێ، تاوەکو ژیان لەناو ناخیدا سەرهەڵنەدات، بەڵام ئەم بەرجەستەبوونی لەناوچوونە لەناخدا دواجار لە چواردیواری بەندیخانەدا دەبێتە دیلی کەسانێک کە فێری شەڕکردنیان کردووە، بوونێکی لەناوچووی تر.

بەڵام سەریاسی سێیەم ئارەزوویەکی زۆری هەیە بۆ ژیان. لەگەڵ ئەوەی کە ئەوەی وەک جەستە بۆی ماوەتەوە، تێدەکۆشێ تا بژی، مرۆڤێ، منداڵێکی بەپشکۆ بوو لەناو ئاگری بۆمبادا.

مندااڵێکی دیکەی قوربانیی شەڕ. بوونێکی لەناوچووی تر. وەسفکردنی سەریاسی سێیەم لەلایەن بەختیار عەلییەوە زۆر جوان و سەرنجڕاکێشە، بەبێ ئەوەی قەڵەمەکەی تووشی ئیحساساتگەرایی یان سانتی مانتالیسم ببێت. وێنای ئەو منداڵە بەپشکۆ بووە کە لەکاتی گێڕانەوەدا لاوێکە هاوتەمەنی دوو سەریاسەکەی تر، بەڕادەیەکی بزوێنەر دەیخاتە بەردەم خوێنەر، وەک بڵێی دەیەوێت زللەیەک بدات لە ویژدانی خوێنەر. بۆ نا؟

لە دنیایەکدا کە کوشتنی مرۆڤەکان بووەتە هەواڵێکی ئاسایی، لە دنیایەکدا کە گۆڕی بەکۆمەڵ هەیە، لە دنیایەکدا کە هەر کاڵایەکی نەناسراو دەکرێ بۆمبایەک بێت، لە دنیایەکدا کە شەڕهەڵگیرسێنەرە هەمەڕەنگەکان و تیرۆریستە جۆراوجۆرەکانی تێدایە، لە دنیایەکدا کە مرۆڤەکان لەتاو برسێتی و نەبوونی ئاوی خواردنەوە و دەرمان دەمرن، لە دنیایەکدا وردبوونی هەرچی زیاتر و زیاتری مافی مرۆیی لەژێر دەستگای قورسی کەمینەیەکی بەرژەوەندیخوازدا، لە دنیای ویژدانە سڕبووەکاندا بەهۆی بینین و بیستنی بەردەوامی هەواڵی سەرسوڕهێنەر.

بەڵێ لەم دنیایەدا خۆشحاڵ دەبی کاتێ دەبینی ئەوەی کە بوونی لەدەست چووە تۆ نیت، منداڵی تۆ نییە، پاشان بێیتەوە سەر خۆت و شەرم لەو هەستەت بکەیت.

بەڵێ، ئەگەر بێیتەوە سەر خۆت.

بەختیار عەلی بە سەریاسی بەپشکۆبووەوە دەیەوێ خوێنەری خۆی بێنێتەوە سەر خۆی و دنیای دەوروبەری نیشانبدات.

لە دنیایەکی وەهادا زۆر سەیریش نییە ئەگەر خوشکە سپییەکان نەیانەوێ منداڵیان ببێت و نەوە بخەنەوە، نەیانەوێ لەگەڵ پیاوێ – یا چەند پیاوێ – پەیوەندییان هەبێت. بەڵام لەو ڕووەوە کە تێدەکۆشن لە کاری بەڕێوەبردنی دنیادا ڕۆڵێکیان نەبێ و جلوبەرگە سپیەکانیان هێمایەکە بۆ تێکۆشان و دووربوون لە پیسیی دنیا، دواجار دەگەنە جلوبەرگی ڕەش و خەونی ئەوەی کە هەمیشە و هەموو کاتێ گۆرانی بڵێن، دەگۆڕێ و دەبێتە بێدەنگی.

ئەوانیش بەبێ ئەوەی بژین تەمەن دەبەنە سەر: دوو بوونی لەناوچووی تر.

مرۆڤەکانی ڕۆمانی "دواهەمین هەناری دنیا" هەروەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، هەریەکە خەونێکیان هەیە و بەشێک لە بوونی خۆیان تێکەڵی ئەم خەونەیە. لەم ناوەدا "محەممەدی دڵشووشە" لایەنی جوانی کەسێتی و ژیانی گەورەتر و سەرەکیترە. لەدنیای ئەم ڕۆمانەدا، لەو زەمینەیەی کەسێتییەکانی تێدا خولقاوە، ئایا مرۆڤێک دەتوانێ شەفاف و شووشەیی بێت؟ محەممەدی دڵشووشە دەیەوێ وابێت – ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ باوکی خاوەن دەسەڵاتیدا+ ئەو وێنانەی کە نووسەر لە خووڕەوشت و شێوازی ژیانی ئەو نیشانیداوە، لە چوارچێوەی ڕیالیزمی جادوویيدا ڕیوایەت کراوە. محەممەدی دڵشووشە، لە دنیایەکی پڕ بەردا ماڵێک و بوونێکی شووشەیی هەیە. ماڵێک کە لە تێڕوانینێکی دەروونشیکارانەوە، هێمای بوونی ئەوە. خەونی شەفافبوونی، لە دۆخێکدا کە مرۆڤەکان بەجۆرێک پەروەردە دەکات خودی واقیعی خۆیان لەناو ئەو کون و کەلەبەرانەی ناخیاندا بشارنەوە کە دەست نایانگاتێ، بەهیچ کوێ ناگات. محەممەدی دڵشووشە بەدڵە شووشەییەکەیەوە لە ماڵە شووشەییەکەیدا تێکدەشکێ.

ژیانێکی لەناوچووی تر. ئایا لەو دنیایەی کە بەختیار عەلی نیشانیداوە و بۆ ئەو مرۆڤانەی کە ئاوارەن و بەدوای خەونەکانیاندا ڕادەکەن، دەڕۆن و ناگەڕێنەوە، ڕێگایەکی چوونە دەرەوە، هیوایەک نییە ؟

دار هەنارێک هەیە بەسەر لووتکەیەکی بەرزەوە ئەگەر لەژێریدا بخەوی، دەتوانیت بگەیتە خەونەکانت. دوایین دارهەناری دنیایە. دوایین پەنا لە دنیادا، ئەم حەشارگە و هیوایە نووسەر بۆ کەسێتییەکانی ڕۆمانەکەی دروستیکردووە تا دنیای ڕۆمانەکەی بەیەکجاری بەتاڵ نەبێ لە هیوا و یەکپارچە ڕەش نەبێت. دەتوانین لەم بارەیەوە ئاماژە بەکۆتایی ڕۆمانەکەش بکەین. ئەو جێگایەی کە دەبینین گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە، موزەفەری سوبحدەم هێشتا دەستی لەپەیداکردنی سەریاسی سوبحدەم هەڵنەگرتووە و هێشتا لەگەڵ هەموو ئەو مەترسیانەدا پەیداکردنی سەریاس خەونی ئەوە.

ئەمە واتە هیواداربوون، ئەگەرچی ئێمە نابینین ئەو بگات بە سەریاس، بەڵام گوێمان لە دەنگێتی کە دەڵێ: "لە کوێی.. تۆ لە کوێی؟" گەیشتنی ئەو بەسەریاس هیچ بایەخێکی نییە، گرنگ زیندووبوونی هیوا و ئەگەر و ئیمکانی دۆزینەوەیە. بگەڕێینەوە بۆ لای دارهەنار، جێگای حەوانەوەی کەسێتییەکانی ڕۆمانەکە.

هەنار هێمای زاوزێ و ژیان و زۆربوون و یەکگرتنە. بەڵام لێرەدا شتێکە لەسەرووی هەموو ئەمانەوە. لە ئەفسانەکانی خەڵکی ڕەشۆکیدا کاتێ کە پاڵەوانی چیرۆکەکە هیچ ئیمکان و هیوایەکی نامێنێ بۆ گەیشتن بە ویست و مەبەستەکانی، لەژێر درەختێکی سەر ڕێگادا ڕادەکشێ، خەوتوو، یا لە خەون و بێداریدایە و دوو باڵدار بەسەر لقی درەختەکەوە دەنیشنەوە.

دەست دەکەن بەقسەکردن پێکەوە و لە گفتوگۆدا، ڕێگاچارەی کاری پاڵەوانەکە و ئەو کارانەی پێدەڵێن کە دەبێ بیانکات، پرسەکە لێرەدایە کە باڵندەکان هەرگیز بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ پاڵەوانەکەدا نادوێن، ئەویش دەبێ بەحاڵەتی ڕاکشاوی لەژێر درەختەکەدا بمێنێتەوە تاوەکو قسەکردنی نێوان باڵندەکان تەواو بێت. ڕاڤەی دەروونشیکارانە لەبارەی ڕاکشانی پاڵەوانی ڕۆمان لەژێر درەختەکەدا دەڵێ پاڵەوانی ڕۆمان لەحاڵەتی ڕاکشاو و خەون و بێداریی خۆیدا، لە هۆشیاری دوورکەوتووەتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ ناهوشیاری. لێرەدایە کە ڕێگاچارەی کاری خۆی دەدۆزێتەوە.

باڵندەکان لەم ڕاڤەیەدا زمانی ناهۆشیاری کەسێتییەکەن. نامەوێ لەم ڕاڤەیە و ئەم جۆرە تێڕوانینەدا لەلێکدانەوەی دار هەنار کەڵک وەرگرم. تەنیا ئاماژە دەکەم بە هاوشێوەبوونێک و بەس.

"دواهەمین هەنار" لە ڕۆمانی "دواهەمین هەناری دنیادا" دا، هەناری دەروونی و زاوزێکردنی دەروونییە، گەڕانەوە بۆ ناو ناخ و دەروونی خود بۆ خۆپاراستن لە پیسیی دونیا، ئەمە ئەو حەشارگەیە کە بەختیار عەلی نیشانی کەسێتییەکانی ڕۆمانەکەی دەدات.

"دارهەنار"
د ە ر کە و تنی
بەشێک لە ڕوانینی
عیرفانیە کە هۆشیارانە یان
ناهۆشیارانە – نووسەر لەم ڕۆمانەدا
بۆ مرۆڤ و پرسەکانی مرۆڤ هەیەتی.


ئەگەر بەباشی لەم مەسەلەیە تێگەیشتبم، دەبێ بڵێم خاڵێکی لاواز کە "دواهەمین هەناری دنیا"ی لە بەلووتکەگەیشتنی زیاتر و زۆرتر کە دەیتوانی بگات، ڕاگرتووە، لێکدانەوەی ئەم پرسەیە و کاریگەری لەسەر پێکهاتە و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە کە دیارە کاری ئەم یاداشتە نییە. بەڵام بۆ تێگەیشتن لێی، وەرن کەمێک نزیک ببینەوە لە نووسەری "دواهەمین هەناری دنیا" وەک بینەرێک. مرۆڤەکانی ڕۆمانەکەی ئەو لە هەر تێکۆشانێکی خۆیاندا ڕووبەڕووی تێکشکان دەبنەوە، لە ڕوانگەی موزەفەری سوبحدەمەوە کە گێڕەرەوەی سەرەکیی ڕۆمانەکە و کەسێتی سەرەکیشە تا سەریاسەکان و یەعقوبی سنەوبەر و خوشکە سپییەکان و محەممەدی دڵشووشە و .. هتد، هەر هەموویان تێدەکۆشن و زۆر بە قورسی تێکدەشکێن – تێکشکان لە دەرەوە، ئەگەر بەباشی لێی تێنەگەیت، سەرەتای چوونەوە ناو ناخ و دەروونە. یەکێکە لە چەشنەکانی تێگەیشتن و بەرگرییە لە تێکشکانە قورسە کۆمەڵایەتی و کەسییەکان. کەممان بینیوە یان بیستووە کە دوابەدوای تێکشکانی بزووتنەوەکان و نەمانی ئامانجەکان، وەستان و سستی هاتووە؟

کەسێتییەکانی دواهەمین هەناری دنیا ڕەنگدانەوەیەکی تێکشکانی کۆمەڵایەتی تاکەکەسین.

تێکۆشان بەتێکشکان کۆتایی دێت: هەوڵ و تێکۆشانی موزەفەری سوبحدەم بۆ پەیداکردن و دۆزینەوەی سەریاس، تێکۆشانی سەریاسی دووەم بۆ پاراستن و پارێزگاریکردن لە پەیوەندی ڕێکخستنی نێوان کۆڵبەرەکان، هەوڵ و تێکۆشانی سەریاسی سێیەم بۆ ئەوەی نەبێتە داشێکی شەڕ و کەس نەکوژێت، تێکۆشانی محەممەدی دڵشووشە بۆ گەیشتن بە خۆشەویستەکەی، تێکۆشانی خوشکە سپییەکان.. تێکشکان ئاکامی هەموو ئەم تێکۆشانانەیە. ئەگەر بە وردی سەیری گۆڕان و گەڕانەوەی کاتی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە بکەین، پەی بەوە دەبەین کە زۆربەیان لە "ئێوارە" دا ڕوودەدەن. خوازەیەکی تر لەو کەشە زاڵەی کە بەسەر کەسێتییەکانی ڕۆمانەکەوەیە. ئایا ئەمە تراژیدیای مرۆڤە لە سەدەی بیست و یەکەمدا؟ دیارە ئەگەر کاری دنیا لەسەر ئەم بازنەیە بڕوات، لەناوچوونەکان و نەمانەکان هێشتا درێژەیان دەبێ.

بەڵام لەپەنای ئەم دۆخە ترسناکەدا، هیواگەلێک هەیە کە نەک تەنیا لە ناوەوەی مرۆڤە بەڵکو لە دەرەوەی ئەوە. لە پەنای دەنگی ترسهێنەر و گوێ کەرکەری بۆمباکاندا و هەژاری و بێ مافی و شەڕ، دەنگێکی دیکە هەیە. دەبێ گوێیەکانمان و چاوەکانمان تیژتر بکەین. تا ببینین و ببیستین. ئەمە دەنگی سەریاسی یەکەم، محەممەدی دڵشووشە و خوشکە سپییەکانە کە دیسان وەستاون تاوەکو ئەوەی کە لەدەرەوەیە بیگۆڕن.

ئەمە دەنگی هەموو ئەو مرۆڤانەیە کە لەگەڵ هەموو ئەو تێکشکانانە و بێ ئاکامییانەدا دیسان هەڵدەستنەوە لەجێگادا، لەبەرئەوەی بڕوایان وایە مرۆڤ دەبێ لەدنیایەکی جوان و لە پەیوەندیگەلی مرۆییدا بژین و بڕوایان وایە کە دەکرێ وا بێت و دەبێت وابێت.


مەریوان هەڵەبجەیی و ڕەزا خەندان

*ڕەزا خەندان، ڕەخنەگرێکی دیاری ئێرانییە و ئەم وتارەی بۆ (ڕووداو) ناردووە





# جەللاد لەنێوان بەرداشی جەنگاوەری و کۆیلەییدا

# لە دوانبەوەی جەللادەوە بۆ دوانبەوەی قوربانی

عادل قادری



شوناسی جەللاد بە دەمامکەوە دەناسرێت، ئەو حەز دەکات لەژێر سێبەرەکەیدا (1) بمێنێتەوە و بە دوای رەشایی و تاپۆی سێبەرەکەی بکەوێت، ئەمەش هۆکارێکی دەروونییە بۆ هەڵبەستنی دەمامک و "خود" شاردنەوە و "ئەویدی" کوشتن، واتە رێکخستنێکی سایکۆلۆژییانەی پرۆسەی قوربانیکردن و خولقاندنی شوناس و کارئەکتەری قوربانی و هاوکات شکڵگرتنی کەسایەتی و ئەکتی جەللادیش. "جەللاد" ئەو کەسەیە کە ئارەزووە تاریکەکانی خۆی لەڕێگەی "قوربانی"یەوە تێر دەکات و زۆر کات ئەم تێرکردنی ئارەزووەی بەبێ دەمامک و لە دەرەوەی "سێبەر" ئەنجام نادات، ئێمە نموونەی جەللادی بێ دەمامک و روخساردیارمان لە مێژوودا زۆر کەمە، ئەوەیش کە لە جیهانی ئێمەدا وەکوو جەللادی دیار و بە روخسار قامک خراوەتە سەری (بۆ نموونە سەدام حسێن، عەلی حەسەن مەجید، مولازم موحسین و...) تەنها یەکێک لە روخسارەکانی جەللاد بووە و زۆرتر ئاماژەیەک بووە بە لایەنە خوازەیی (meta-phoric) و سەمبولییەکەی جەللاد. جەللاد هەمیشە بە خۆی و شمشێرەکەیەوە، بە خۆی و چەکەکەیەوە، بە خۆی و ئامێری جێبەجێکردنی ئارەزووەکەیەوە "بەڵام بە دەمامک و بێ روخسار" دەردەکەوێت. ئارەزوویەکی ژێرەوانکێ و گڕاوی کە بە هۆیەکی ئایدیۆلۆژی، سیاسی، دەروونی یان پەروەردەیی ختووکە دراوە و هەڵخڕێندراوە و دەبێ تێر بکرێت، ئارەزوویەک دەبێ بە خوێن و ترس و سامێک کە دەیخاتە روخسار و جەستە و دوا نیگای چاوی قوربانیی تێراو بکرێت، خاڵی گرینگ و سەرنجڕاکێش لێرەدا ئەوەیە کە سەرچاوەی ئارەزووەکان نەست و ناهۆشیارن، بۆیە دوورن لە پانتایی هۆشیاری و توانستی عەقڵ و وزەی تێڕامانی مرۆڤ. بەڵام بەتەواوەتی لەژێر کۆنترۆڵی هۆشیاریی بەدەر نین .

لەم هاوکێشەیەی نێوان ئارەزوو (desire)، هۆشیاری (The conscious) و ناهۆشیاری (The unconscious) دا "بەجەللادبوون" وابەستەی ململانێ و کێشمەکێشی نێوان ئەم سێ جەمسەرەیە.

لەم پرۆسێسەدا جەللادبوون یان قوربانیبوونی "جەللاد" ئاراستەکەی دیاری دەکرێت.

واتە بیرکردنەوە لەم پرسیارە کە جەللادەکان تا کوێ قوربانی سیستەمێکی پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی نادروست و دژەژیان و مەرگدۆستن؟ بە زمانێکی تر جەللادەکان تا کوێ بەرپرسن؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە و دەلالەتەکانی باسی زۆر هەڵدەگرێت و من لێرەدا ناپەرژێمە سەری و تەنها هەندێ لایەنی دەروونیی رۆحی جەللاد و ململانێیەک کە لە نێوان جەللاد و قوربانی لەئارادایە، باس دەکەم.

جەللادێک کە پێدەچێت خۆی نەزانێ چ ئارەزوویەک دەیجووڵێنێت و "قوربانی" تەنها وەکوو ژەمێکی پێویستی ئارەزووەکەی دەروون و هەناوی ببینێت و وەکوو هایدرا (2) و مارێکی چەندسەر و چڵێس و بەشەهوەت بجووڵێتەوە، ئەم دۆخە دەروونییە وێنەیەکی بەدەوی و بیکر و راستەوخۆمان لە جەللاد بۆ دەخاتەڕوو. ئەم حاڵەتە دەروونییە ئاماژەیە بۆ تێکچوونی پێکهاتی وجوودیی کارئەکتەری جەللاد و شێوانی بالانس و هاوسەنگی لە نێوان دوو جومگە و جەمسەری گەورەی دەروونیی ئەو، واتە "هۆشیاری و ناهۆشیاری". لێرەدایە دەتوانین باسی ئەوە بکەین کە جەللاد مرۆڤێکە هەموو هێزی هۆشیاریی خۆی وردە وردە و لە پرۆسەیەکی درێژماوەدا دۆڕاندووە و ئەوەی کە ئێستە ئەوی زیندوو راگرتووە لایەنی ناهۆشیارانەی دەروون و خەون و خواست و ئارەزووە تاریکەکانی دۆزەخی ناهۆشیاری ئەون. ئەگەر بە روانینێکی یۆنگی (3) مرۆڤ وەکوو جەنگاوەری نێوان دوو پانتایی هۆشیاری و ناهۆشیاری بزانین و ئەم جەنگاوەرە ئەرکێتی بالانس و هاوئاهەنگییەک لە پێوەندی خۆی لەگەڵ واقیع و جیهان لەم هاوکێشەیەدا دروست بکات، ئەوا جەللاد لێرەدا ئەو کەسەیە کە چەکی جەنگاوەرانە و ئینسانیی خۆی دێرزەمانێکە فڕێداوە و لە هیوا و خەونی ئەوەی کە بالانسێک لە نێوان "خود" و واقیع و جیهاندا دروست بکات، دەستی شووشتووە و هیچ باوەڕێکی "رۆشن"ی بە داهاتووی ئەم جەنگە سەپێنراوەی نێوان هۆشیار و ناهۆشیار نییە و پێشوەخت خۆی داوە بەدەست تاریکی و هێزە نەناسراو و لەبننەهاتووەکانی لایەنی تاریک و رەشی زەینی ناهۆشیارەوە، هەر بۆیەشە لە هەناو و باوەشی "سێبەر" دا دەژی، "ئەو" پێش ئەوەی رۆحی جەنگاوەرانە فام بکات بۆ ئەوەی ئەم بالانسە دروست بکات، رۆحی "کۆیلەیی" لای خۆی پەسەند کردووە و پێڕەوی دەکات، بۆیە ئەگەر بپرسین جەللادەکان لە کام سەرچاوەوە ئاو (تۆ بڵێ خوێن!) دەخۆنەوە، ناتوانین سەرچاوەیەکی تاقانە، تاک یان کارئەکتەر و کەسایەتییەکی ئاسایی و ئینسانی بۆ دیاری بکەین، چوون لەبنەڕەتدا ئەم لۆژیکە بۆ ناسینی بنج و بناوانی خیلقەت و سەرهەڵدانی جەللاد هەڵەیە، یان لانیکەم لۆژیکێکی بەرتەسک و ئایدیۆلۆژیکە. روانینێکی هەڵەیە ئەگەر هیتلەر، مۆسۆلینی، سەدام حوسێن و... بە باوکی تاقمێکی زۆر "وردە جەللاد" و شمشێر بەدەستە بێ دەمامکەکان بزانین، بەڵکوو ئەمانەش سەر بە حەڵقەی هەمان رۆحی کۆیلەیەتی و ناجەنگاوەریانەن کە تەنها جیاوازییان لەگەڵ جەللادە جێبەجێکارەکان نەبوونی دەمامکێکی دیار و بینراوە! ئەم جەللادە بێ دەمامک و روخسار دیارانە رەنگە خۆیان کوڕی گەورەی "کەڵەجەللاد" و جەللادی مەزن بن، بەڵام هیچکات ناتوانین وەکوو باوکی راستەقینەی جەللاد ناوزەدیان بکەین، بەڵکوو دەبێت بزانین کەڵەجەللاد و جەللادە مەزنەکە واتە باوکی هەموو جەللادەکان لە شوێنێکی دووردەست و سەرچاوەیەکی تاریکتر بوونی خۆی وەردەگرێت، هەر چەند جەللادی مەزن، باوکی جەللادەکان و...تەنها دەربڕینێکی میتافۆریک و خوازەییە و ئاماژەشە بۆ پاڵنەر و لێخوڕ (Drive)ێکی دەروونی کە لە قووڵاییەکانی نەستی دەستەجەمعیی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت.

بۆیە ئێمە لێرەدا، لە ئاستی دەربڕین و زماندا بەگشتی دەتوانین باس لە دوو جۆرە جەللاد بە دوو ماهییەتی جیاوازەوە بکەین.

1- جەللادی مەزن: ئاخێزگەی سەرهەڵدانی ئەم جەللادە کز و کوێربوونی زەینی هۆشیار و بەرەڵاکردنی هەموو تاریکی و سێبەرەکانی زەینی ناهۆشیارە بەبێ هیچ فیلتەرکردن و هەڵسەنگاندنێک، من ئەم جەللادە مەزنە ناودەنێم جەللادی میتافیزیکی یان بانزەمینی کە ریشەی لە مێژووی کەونینەی دەروون و سایکۆی مرۆڤدایە و بەشێوەی کۆنەچەشن یان ئارکی تایپ (archetype)ی سێبەر پێناسە کراوە و دەرکەوتووە.

2- جەللادە گچکە و وردەکان یان وردە جەللادەکان: ئەم جەللادە خۆی دابەش دەبێتە سەر دوو شێوەی "دەمامکدار" و "بێ دەمامک". هەندێکیان بێ دەمامکن (وەکوو هیتلەر، مۆسۆلینی، سەدام حسێن، هیمللەر) و هەندێکیان دەمامکدارن وەکوو هەموو ئەو جەللادانەی کە سیستەمە سیاسییە ئایینی و ئایدیۆلۆژی و دیکتاتۆرییەکان بەرهەمی دەهێنن و ئێمە تەنها سێبەر و دەمامک و تاپۆیان لە زەینماندایە (وەکوو هەموو شمشێربەدەست و سەربڕەکانی داعش و تاڵیبان و سەربازە زۆڵ (4) و بێ دایک و باوکەکانی بەعس، یان وەکوو ئەو جەللادانەی کە عەبدوڵلا ئۆجەلانیان لەناو فڕۆکەکەدا دەگواستەوە و هەموو بە دەمامکەوە بینیمان کە چۆن بە دەست کوتانی یەکتر شادی خۆیان دەردەبڕن! ئەمەش بەرلەوەی شادیکردن بێت بۆ ئەنجامدانی سەرکەوتووانەی ئۆپەراسیۆنێکی نهێنی، خۆشنوودی و شاگەشکەبوون بوو بۆ تێرکردنی ئارەزوویەکی رەش کە لەلایەن سیستەمێکی سیاسی- ئایینییەوە هاندراوە. بۆیە ئەمانە ناودەنێم جەللادی زەمینی. ئەم جەللادە ئەگەرچی ئامرازی بەرهەست و زەمینی و ماتریاڵی جێبەجێکردنی رووداوێکی سامناک بە ناوی قوربانیکردنە، بەڵام لە پێوەندیی توندوتۆڵ و بنەڕەتیدایە لەگەڵ جەللادە مەزن و میتافیزیکییەکەی دەروون کە پێشتر ئاماژەم پێدا. واتە لە سەرچاوە بانزەمینی و میتافیزیکییەکانیانەوە رێنومایی وەردەگرن و بەپێی لێخوڕ (Drive) و لۆسە (اهرم)ی ئارەزووە تاریکەکانی جیهانی ناهۆشیار و لایەنە نەناسراو و بانزەمینی و سیحراوییەکەی دەجووڵێتەوە و خوێن دەکات بە میحرابە قودسییەکەیدا. لەم هاوکێشەیەدا وێنەی جەلادانێکی زەمینی وەکوو حەجاج تکریتی بەسەرهاتێکی سەیر و تایبەتی هەیە. حەجاج تکریتی بەرپرسی ئەشکەنجەگا و گەورەزیندانی سامناکی نوگرە سەلمان بوو، ئەو شوێنەی بە سەگە دڕ و گەورەکانی لە زەینی قوربانیانی رزگاربوودا ماوەتەوە، ناوبانگی دەرکردووە. حەجاج لەو جەللادانەیە کە ئەگەرچی لەڕێگەی هەموو میکانیزم و دامودەزگا تۆقێنەر و ترسێنەرەکانی بەعسەوە هەوڵ درا دەمامکەکەی لانەبرێت و بەبێ روخساری و نەناسراوی بمێنێتەوە، بەڵام لە دواجاردا (هەرچەند درەنگ) دەمامکەی لابرا و روخساری ئینسانی و گۆشتینی بە سمێڵ و جلوبەرگێکی نەجمەداری بەعسی دەرخرا و تابۆ و تەلیسمەکەی شکا. شتێک کە بووە هۆی ئەوەی ئەم دەمامکە لابچێت و روخساری سادە و حەماسەتی گاڵتەجاڕانە و پاڵەوانێتیی ئایرۆنیکی حەجاج دەربکەوێت، هۆشیاری و ترسشکانی قوربانیانی دەستی ئەو جەللادە و شێواندنی بەشێک لە هاوکێشە زەمینی و بانزەمینییەکەی نێوان گەورەجەللاد و وردە جەللاد بوو، واتە تێکچوونی پێوەندی داسەپاوی لایەنە سێبەری و میتافیزیکییەکەی جەللاد لەگەڵ لایەنە بەرهەست و دەمامکدار، بەڵام زەمینی و ئینسانییەکەی جەللاد. دوای ئەم تێکچوون و شێوانە شوناسی جەللاد وەکوو مرۆڤێک کە کەسایەتی بووە بە چەند فاق و لەتەوە دەردەکەوێت، بێگومان جەللادە بە دەمامکەکان وەک گوتمان دوای دۆڕاندنی پێشوەختی رۆحی جەنگاوەرانەی ئینسانیی خۆیان و قبووڵکردنی رۆحی کۆیلەیی و فەرمانبەرانە لە جیهانێکی پڕ لە ترس و مۆتەکەدا دەژین، حەجاج بۆیە ئەو دەمامکەی تا ئێستە بەروخسارەوە مابوو، چوون رۆحی ترسنۆکی و کۆیلەکارانەی خۆی پێدەشاردەوە و لەلایەکی تریش بەو بێ روخساری و نادیارییەیەوە دەیویست لایەنی بانزەمینی و میتافیزیکیی جەللاد کە نەناسراوی، نادیاری، بێ روخساری بوو بۆ قوربانی و لەهەمبەر قوربانی زەقتر بکاتەوە کە ئەمە بەشێک لە ستراتیژ و سیاسەتی جەللادە بۆ هەیبەت و هەیمەنەبەخشین بەخۆی، شتە نادیار و بێ روخسارەکان هەمیشە مایەی ترسێکی ئەفسووناوی و "کۆیلەکەرانە" و میتافیزیکی بوونە، شتگەلێک وەکوو "با"، "بۆن"، "خودا" و... کە هەندێکیان هەمیشە و لە رۆژگارە کەونینەکاندا وەکوو هێز سەرچاوەی تۆقاندنی کۆمەڵە ئینسانییەکان بووگن و لە هەمان کاتیشدا سیستەمێک بوو بۆ راگرتن و کۆنترۆڵکردنی زاڵمانەی کۆمەڵگا. جەللادانی وەکوو حەجاج دەیانەویست بە نەناسراوی و نادیاری بمێننەوە بۆ ئەوەی سام و هەیبەتی گەورە جەللادێکی خوازەیی و سەمبوولیک وەربگرن و وێنا و هەیکەلێکی بانزەمینی و پڕ هەیبەت و تۆقێنەر لە خۆیان بۆ قوربانی نیگار بکەن، ئەمە ئەو دووفاق و لقەی روخساری بەدەمامکی جەللادە کە دژوازییەک لە کەسایەتی و تێکچوونێک لە هەناو و دەروونی "وی" دا ئاشکرا دەکات. ئەو دژوازییەی کە لایەنێکی لە ترسنۆکی جەللادەوە سەرچاوە دەگرێت و لایەنێکیشی لە حەز و تاسەی بۆ "بەخودا بوون" و بانزەمینی دەرکەوتن لە رێگەی سام و ترسی دەمامکەکەیەوە، بێگومان لەم هاوکێشەیەدا رۆڵی قوربانی وەکوو ئۆبژە و بوونەوەرێکی پلە دوو و بەستراو و تۆقێنراو هەڵگری باس و خواسی زۆرە، بەڵام لێرەدا بەزۆری پەرژاوینەتە سەر جەللاد و لایەنە زەمینی و بانزەمینییەکانی. ئەو دوو وێنەیەی حەجاج تکریتی بە هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆری دۆستانی تۆڕی میدیایی رووداو" لە قووڵاییەکانی بیابان و لمستانەکانی نوگرە سەلمانەوە شوێن پێیان گرتووە تا بەغدا و شوێنەکانی تر و لە دواجاردا بەناو گومانی دەیان نیگای ترسنۆک و تۆقیو و جەنگاوەر و پێشمەرگە و زیندانیدا تێپەڕیوە تاکوو ساغ بووەتەوە و دۆزراوەتەوە، وێنەی لای راست حەجاجە کە خەریکە مارێک بە زیندوویی دەخوات و وا دەردەکەوێت لە فێرگەیەکی سەربازیی تایبەت بێت، ئەو لەو وێنەیەدا وا بە حەماسەت و پاڵەوانێتی و هەیبەتەوە مارەکە دەخوات، وا دەزانێت بەسەر لایەنێکی رەش و سامناکی سرووشت و قووڵی بیاباندا زاڵ بووە، بەڵام پێدەچێت قەت بیری لەوە نەکردبێتەوە کە خۆی پێشوەخت کۆیلە و خڵەفاو و ترساوی رەشمارە گەورەکەی دەروونی بووە و ئارکی تایپی سێبەر (Shadow)هەموو دەروونی خواردووە، وێنەی لای چەپ دیسان حەجاجە کە خەریکە کەروێشکێک بە زیندوویی کەوڵ دەکات، هەمان حەماسەت و پاڵەوانێتی بەتاڵ و روخساری پڕ هەیبەتی بۆشی تێدایە و خەریکە ترسی خۆی لە رێگەی کوشتن و قوربانیکردنی کەروێشکەوە دەشکێنێت، بۆ ئەوەی دواتر لەسەر شانۆی کوشتنی قوربانییە مرۆیی و نائازەڵییەکان چاوی "نەترووکێت"، چوون جەللاد لە دواجاردا بەدەمامکیشەوە چاوی هەر دیارە و وردە جەللادەکان هەوڵ دەدەن ترسنۆکییەکەیانی تێدا بسڕنەوە و لە جێگەکەیدا هەیبەت و قووڵایی و ناکۆتاییەکی وەهمی دابنێن، کە بێگومان قوربانییە هۆشیار و جەنگاوەرەکان هێندە بەدەسەڵاتن، لە دوا چرکەی ژیانیشیاندا دژوازی و کەمایەسی و نزمیی جەللاد دەبینن و بە پێکەنین و بزەیەکی تاریک و تاڵ و لەهەمان کاتدا درەوشاوەوە بەرەو پێشی مەرگ دەچن و چاو دەبڕنە نێو چاوانی جەللادەکانیان، لە رێگەی چاوانی بێ دەمامکی جەللادەوە ترس و بۆشاییەکەی هەناوی بەدی دەکەن بۆیە بزە دەیانگرێت، ئەم قوربانییە کاشیف و بوێرانە ئەوانەن بەر لەوەی جەللاد بیانکوژێت و وەکوو ئۆبژەیەکی قوربانیکراو ناویان لە زەینی خۆیدا تۆمار بکات، خۆیان "پێش" "مەرگ" (پێشمەرگە!) دەکەون و جەللاد دەخەنە دۆخێکی کۆمیدیی-تراژیکەوە. قوربانییەکی کاشیف و سووژە و بکەر کە نیگاکەی لە شمشێری جەللادەوە دەگوازێتەوە بۆ ناوچاوانی جەللاد و ترس دەگوازێتە سەر بوێری، دەرکەوتەیەک لە ناهۆشیاری دێنێتە سەر ئاستی هۆشیاری!لە تەسلیمبوون و کۆیلەییەوە پێ دەنێتە ناو زیتبوون و جەنگاوەرییەوە! حیکایەتی جەللاد بە ئاراستەی زەینی قوربانی پێکهاتی دەشکێت و ماناکانی دەگۆڕێت!بۆیە دەتوانم بە روانینێکی نیتچەییەوە بڵێم جەللاد و قوربانی هاوزا و هاوپشتی یەکن (6).

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

(1) یونگ، خدایان و انسان مدرن، ئنتونیو مورنو، ترجمەی داریوش مهرجویی، نشر مرکز، چاپ ششم 1390 ص 52

(2) لە ئوستوورە کۆنەکانی یۆنانی کەونارا بەواتای مارێکی چەند سەر و دڕندەیەکی سامناک هاتووە، هەر کاتێک سەرێکی بپەڕێت سەری تازە دەڕوێتەوە لەسەر لەشی

(3) کاریک گۆستاڤ یۆنگ، (1875 – 1961) دەروونناس و بیرمەندی بەرەچەڵەک سویسرایی

(4) زۆڵ: بەمانای بێ شوناس یان شوناس نادیار

(5) گوستاو یونگ، کارل؛ انسان در جستجوی هویت خویشتن، ترجمە محمود بهفروزی، گلبان، چاپ سوم 1387

(6) نیچە، ویلهلم فریدریش؛ چنین گفت زردشت ترجمە داریوش اشوری، تهران، آگە 1375

# ئەرێ هیچ هەواڵێکی خۆش چنگ ناکەوێ؟

سالار عوسمان



ئەرێ هیچ هەواڵێکی خۆش چنگ ناکەوێ
بمانباتەوە لای پێکەنین
دەستمان بگرێ و
بە کۆڵانەکانی منداڵیدا
بە ساپساپێن و
چاوشارکێ و
بە دزینی درهەمەکانی فەقیانەی دایکمان
بسپێرێتەوە؟

ئەرێ هیچ هەواڵێکی خۆش چنگ ناکەوێ
بمانباتەوە سەردەمی ئاوڕشێنی ئێوارانی باخ و
خەوی بێ بزرکانی سەربان و
ژماردنی ئەستێرەکان و
شەرمن شەرمن
سەیرکردنی بەیانیانی کچانی خەوتووی جیران؟

ئەرێ هیچ هەواڵێکی خۆش چنگ ناکەوێ
وەک جاری جاران
بمانباتەوە نێو گەرمیی باوەشی دایکمان و
نیعمەتی بۆرژان و
بەدەم بۆنی قەرنەفڵەوە، ڕازان؟

ئەرێ لەم سەردەمی قاتوقڕیی بێ هەواڵیەدا
خەوی ئێمە بۆ هێندە نەخەوتووە لە بێما نا یی
بۆ هێندە شەکەتە لە پووچی
ئەرێ،
ئەرێ خەوی ئێمە بۆ هێندە بێدارە لە بێڕوویی
بۆ هێندە پڕخوێن، داڕساوەتە نێو هۆشیارییەوە؟

ئەرێ ئێوە هیچ هەواڵێک شک نابەن
بۆنی ڕەشەڕەیحانەی جاران و
دووکەڵی بن قەرسیل و
مێخەکی بە ئارەق تەڕبووی شۆڕبۆوە بەسەر لامەمکی بێوەژنێکی لێ بێ؟

ئەرێ کەس لە ئێوە
جۆباری جوتیارێک پێنازانێ
بمانگەیەنێتە بن سێبەری دارچنارێک و
(کانییەکی بەر تریفەی مانگەشەو) و
دواجار سینەباخی کچێکی گەنمرەنگەوە؟

ئەرێ لەم دڕدۆنگییە بێمانایەدا
مانایەک نادۆزنەوە
حیکمەتی کتێبە کۆنەکان کۆکاتەوە و
بە (مەولانا)یەکمان بسپێرێ و
لە بەردەم (نەورەسی)یێکدا
تەفسیری نەغمەمان بۆ بکات؟

ئەرێ لێرە، یا لەوێ
هەواڵێک چنگ ناکەوێ
خۆش وەک قەتار
نەرم وەک ئەڵڵاوەیسی
تەڕ وەک حەیران
شل شل وەک نمەباران؟

ئەرێ لەم مەملەکەتی یەکشەوەدا
چرایەک نادۆزنەوە درێژتر لە شەو،
تا شوعلەیەک داگیرسێنێ بۆ دڵنیایی؟

***

لەم سەوداسەریی بێ هەواڵیەدا
سەفەرێکمان پێویستە بۆ گوند
تا لە جریوەی مەلەوە
لە جۆبار و جوتیار و جیلوەوە
نەغمە ئاشت کەینەوە
ماچ بگەڕێنینەوە ماڵ و
شەیدایی بدەینەوە دەست عاشقەکان

سەفەرێکمان پێویستە بۆ گەڕانەوە
گەڕانەوە بۆ نوقڵخواردن، بۆ فامنەکردنی تاڵی
گەڕانەوە بۆ پێکەنین، بۆ فامنەکردنی خەم
گەڕانەوە بۆ پاکی، بۆ دزینی درهەمە حەڵاڵەکانی فەقیانەی دایکمان
گەڕانەوە بۆ سەربان، بۆ ئاوێزانی پڕ عیشقی ئەستێرە و
چاوچاوانێی کچەجیران

سەفەرێکمان پێویستە سەفەر
سەفەرێک بۆ لای ژیان
سەفەرێک بۆ لای هەواڵی خۆش
بۆ لای پێکەنین
بۆلای ئەو نامە بچووکانەی زەمانی زووی دڵداری
کە پڕبوو لە خەتخەتێنەی پڕمانا
پڕبوو لە ویقار
پڕبوو لە نیشتمان
پڕبوو لە هەواڵی خۆش !...

*

ڕازان: خەوتن
(کانییەکی بەر تریفەی مانگەشەو) لە دێرە شیعرێکی ( گۆران )ی شاعیر وەرگیراوە
مەولانا: مەبەست (مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی)یە، 1207/9/30 - 1273/12/17
نورسی: مەبەست ( بەدیع ئەلزەمان ، سەعید نورسی)یە، 1876 - 1960/3/23
شل: تەڕ - بە شێوەزاری بۆتانی



# خاوەنشکۆ

ڕەسووڵ سوڵتانی



بەس ئەمجارە دەرچم، ئەمجارە قورتار بم، تا من بم شەرت بێ نەهێڵم هیچ ماستاوچییەک نانم بخوا... نێو ئەشکەوتەکە تاریک بوو. بۆنی هەڕنەهووت و شێی دەهات. شەمشەمەکوێرە دەفڕین و زۆر جار خۆی دادەنواند پێی وابوو خۆی پێدا دەدەن... سەری هەڵێنا و گوتی: ئەرێ حەسۆ بۆ نەهاتەوە؟

حەسۆ گوتی: گەورەم، جەنابت لێرە بە، من دەچم دەگەڕێم بزانم نانێکم دەست ناکەوێ؟ لێرە بە، مەیە دەرێ، هەموو وڵات بەدوومانەوەن... ئاگاشت لە دەمانچەکەت بێ. زوو دێمەوە. بزانم شوانێک، وەرزێرێک نادۆزمەوە نانێکی لێ وەرگرم. هەر نانێکی وشکیش بێ قەیناکا...

نانی وشک... نانی وشکیش هەر نانە. بنیادەم پێی دەژی. چییە با چەند ژەمێکیش نان نەبێ، بنیادەم سەری سلامەت بێ...

ئەو قسانەی ئەو ڕۆژەش کرد کە لە تەلەفزیۆنەوە سەیری خۆپیشاندانەکەی دەکرد. خەڵک هەرایان دەکرد:

ژیانمان نییە، نانمان نییە.... ژیانمان دەوێ... نانمان دەوێ...

بانگی حەسۆی کرد و گوتی: حەسۆ، ئەوە چییە؟ ئەو خەڵکە بۆچی وا دەکەن؟

حەسۆ گوتبووی: گەورەم هار بوون هار... دەڵێن نانمان نییە بیخۆین...

جا ڕاست دەکەن حەسۆ؟

نەخێر گەورەم ڕاستی چی دەکەن؟ هار بوون... میللەت تێر بێ هار دەبێ، ناشکور دەبێ. ئەوانە فێری ئەوە نین تێروپڕ دانیشن، ڕاهاتوون دەبێ بە شەق لە ماڵێیان بکەنەوە....

یانی تۆ دەڵێی نانیشیان هەیە و ئاواش دەکەن؟ لە تێری ڕاپەڕیون؟

بەڵێ، بەڵێ، هیچ گومانت نەبێ. ئەوانە ناشوکرن گەورەم. ئەوانە فێر کراون، تین دراون. دنە دراون قوربان. بەڵگەمان زۆر لەبەردەستە زۆر....

دەی باشە چار چییە؟ چۆن دەچنەوە ماڵێ؟ نانیان بۆ دابین بکەن با بچنەوە ماڵ و حاڵیان و فیتنە و فەرتەنەی نەنێنەوە....

گەورەم، نانیان بدەینێ، ئەوجار داوای ئاو دەکەن، ئەویان بۆ دابین بکە، داوای عەرد و خانوو دەکەن، ئەویان بۆ دابین بکە داوای کارەبا دەکەن، ئەوەیان بۆ دابین بکە، دەڵێن گەنجەکانمان زەماوەند دەکەن دەبێ دەستیان بگرن... دەی وەڵا ئەو هەمووەش بە ئێمە دابین ناکرێ... دەکرێ؟ نەیهێشت وەڵامی پرسیارەکەی بدرێتەوە... نەخێر ناکرێ گەورەم... لێیانگەڕێ، هێندە تێروپڕن بڕوات بێ یاخی بوون. تاقە ڕێگە ئەوەیە بە شەق بنێردرێنەوە ماڵەوە...

بیاننێرنەوە حەسۆ... بیاننێرنەوە...

حەسۆ کەناڵەکەی گۆڕی... گوتی: گەورەم، لە هەموو ئەو وڵاتەدا تەنیا ئەو دووسەد سێسەد کەسە ئاوا ئاژاوە دەنێنەوە...

ئەی خەڵکەکەی دیکە چۆن دەژین؟

گەورەم خەمت نەبێ، کەس نییە بەشی نەدرابێ. هەموویان لە من و تۆ تێروپڕترن...

قووڕەی زگە بەتاڵ و برسیەکەی وەخۆی هێنایەوە. چووبووەوە کۆشکەکەی خۆی. ئەوە سێ ڕۆژە لەو ئەشکەوتە تاریکەدا خۆی حەشارداوە و دەنگی نانمان نیە... ژیانمان نییە لە گوێیدا دەزرینگێتەوە... پێنج ڕۆژ لەوەپێش کتوپڕ حەسۆ خۆی بە کۆشکدا کرد و گوتی با ڕابکەین. خەڵک خەریکن دەگەنە ئێرە. هێزە چەکدارەکان ڕاوەستاون سەیریان دەکەن. کەس پێشیان ناگرێ. لە نێو شار ئەو چەکدارە وەفادارانەی بەگژ خەڵکدا چوونەتەوە، خەڵکەکە هەڵیانکوتاوەتە سەریان و بەداخەوە ئەنجن ئەنجنیان کردوون...

چاوی بەمۆڵەق وەستا و گوتی: چیی؟ چۆن؟ یانی هێزە چەکدارەکانیش خیانەتیان کرد؟ کەوتنە گەڵ خیانەتکاران؟ چۆن؟ ئەو هێزەی کە ماڵەوماڵ دەگەڕان و دوژمنانی منیان دەگرت، ئێستا کەوتوونەتە گەڵ دوژمنەکانم؟ ئەوانیشم لێ بوونەتە دوژمن؟

بەڵێ گەورەم، هەرچی نانی لە ماڵت خواردووە خیانەتی لێ کردووی جگە لە من... دەبێ خێرا دەرباز بین... هێزە تایبەتەکەی خۆت وا سەد مەترێک لەولای کۆشکەکەوە پێشی خەڵکەکەیان گرتووە و هەڕەشەی تەقەیان لێ دەکەن... خێرا کە....

بە دەرگاکەی پشتەوەدا خۆیان گەیاندە نێو باخەکە و دەسبەجێ جلوبەرگەکانیان گۆڕی... دەمانچەیەکی لەبەر پشتوێنی نا و لەبەرخۆیەوە گوتی: هەرنەبێ بۆ خۆکوشتن باشە... بەرەبەری ئێوارێ گەیشتنە قەراخ شار... حەسۆ گوتی: گەورەم با لادەینە ئەو ماڵە هەژارە... پارەیەکیان بدەینێ ئەمشەو دەمانشارنەوە. چەندیان بوێ دەیاندەینێ... لەسەر دیوارەکە بە خەتێکی گەورە و خواروخێچ نووسرابوو:

سەرۆکی دزەکان ڕایکردووە... سەرۆکی دزەکان ڕایکردووە....

لە خوارترەوە نووسرابوو: پیرۆزە رووخانی دەسەڵاتی میری دزان لە هەژار و برسییەکانی شار

هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی: با بچین حەسۆ... چار نییە...

بەسپایی بەرەو دەرگاکە چوون. لە ژوورەوە دەنگە دەنگێک دەهات... گوێی لەناوی خۆی بوو. باوکەکەی دەیگوت: کوڕم ئاگات لەدەمت بێ، ئەو ئێستاش هەر سەرۆکمانە... کوڕەکەی بەدەنگی بەرز گوتی: قەت سەرۆکی من نەبووە. سەرۆکی ئێوەی ملحیز و خوێری بووە. ئێوە بۆی بوونە شاعیر و شایەر و دەتانگوت: گووی خاوەنشکۆ دەرمانی سەد دەردانە... ئەو قوڕە ئێوە بۆ ئێمەتان گرتووەتەوە.

کوڕم ئاگات لە دەمت بێ، ئەوانە دەسەڵاتداریش نەبن هەر گونی گوندار دەردێنن....

لەدڵی خۆیدا گوتی: دەرماندێنا... دەرماندێنا... دەبووایە باشتری دەربێنین... هەڵەی ئێمە لە گوندەرهێنانەکە نەبوو. لەوەدا بوو کە ئەوەندەمان چاکە لەگەڵ ئێوە کرد منداڵەکانتان چاوقایم بن و لێمان نەترسن... سەد کەسمان وەک شێروان ڕەمەزان لە ئاودەستدا تۆپاندبایە، تۆ ئێستا نەتدەوێرا ئەو قسانە بکەیت.

شێروان ڕەمەزان وێنەی خاوەنشکۆی دڕاندبوو. دڕاندبووی و لە نێوەڕاستی شار پێخوستی کردبوو. گوتبووی: ئەوە سەرۆکی من نییە. سەرۆکی کۆمەڵێک تاڵانچی و دز و جەردە و قەحپەگێ و پیاوکوژە... ئێوارێ تازە دایکی شیوی بۆ تێکردبوو، هێشتا پاروەکی نەخواردبوو بەسەریاندا دا و بردیان. ئیتر چاوی بەدایکی نەکەوتەوە. کۆمەڵێک وردە ڤیدیۆیان لێ بڵاوکردەوە، لە یەکێکیاندا بردوویانەتە نێو ئاودەستێکەوە، لەشی هەموو شووخاڵ شووخاڵ بووە، دەلەرزێ، لاچاوێکی ڕەش هەڵگەڕاوە و چاوی وا ئەستوور بووە ئیتر دیارە هیچ نابینێ، یەکێک کە دەموچاوی خۆی بەستووە، بە نووکەچەقۆیەک لێی دەدا، کراسەکەی شێروان دادڕدادڕ بووە.... لێی دەدا و دەڵێ پیسایی دەربێنە و بیخۆ... شێروان دەست لە کونی بەردی ئاودەستەکە دەنێ، تۆزێک ڕادەوەستێ، نووکە چەقۆیەک وەقەبرغەی دەکەوێ و خوێن هەڵدەقوڵێ و تێکەڵی خوێنی وردە برینەکانی دیکەی دەبێ. کە ڤیدیۆکە پێشانی خاوەنشکۆ دەدەنەوە، بە بێزێکەوە هەر ئەوەندە دەڵێ: کوشتباتان باشتر بوو. لایبەرن لەپێش چاوم.

لەگەڵ حەسۆ چاوێکیان لە یەکتر کرد و بەبێ ئەوەی قسەیەک بکەن، پاشەوپاش گەڕانەوە... تاریکایی باڵی بەسەر دەشتەکەدا کێشابوو. لە نێو شارەوە جاروبار دەنگی تەقەیەک دەهات... زەنازەنا و ژاوەژاو لەگەڵ دوورکەوتنەوەیان دەبووە بڵمەبڵمێکی لێڵ... هیچیان ورتەیان نەدەهات. دەڕۆیشتن و حەسۆ بیری لەو ساڵانە دەکردەوە کە وەک خەونێک تێپەڕیبوون... قەت قەت بیری لەوە نەدەکردەوە ڕۆژێک ئەو خەڵکە قوونڕووتە ئاوا لێیان ڕاپەڕن... ئاخر بۆچی لێیان ڕاپەڕیون؟ ئەوانە بۆ وا دەکەن؟ یانی بەبێ ئێمە حوکمەتە زاڵمەکەیان پێ دەڕووخا؟ ئێمە وەپێشیان نەکەوتباین خەباتیان پێ دەکرا؟

ـ حەسۆ ئەوە لەبەر خۆتەوە دەڵێی چی؟

ـ هیچ گەورەم... خۆم دەدوێنم و دەڵێم خەڵکێکی بێئەمەگمان هەیە. سپڵەن. سپڵە نەبوایەن قەدری گەوهەرێکی وەک تۆیان دەزانی. لێیانگەڕێ گەورەم، لێیانگەڕێ با یەکتر بخۆن. ئەوە لە سایەی سەری جەنابتەوە بوو وەک بنیادەم دەژیان...

ـ حەسۆ، تۆ هیچ دەزانی بەرەو کوێ دەچین؟

ـ خەمت نەبێ گەورەم، بەولایەدا بەرەو چیاکە هەڵدەکشێین. ئەشکەوتێکی لێیە، لەوێ دەبین تا سبەی....

خشپەیەک هات... خشپەی پێی بنیادەم؟ حەسۆ گوێقوڵاخ بوو. بە دەنگێکی نزم گوتی:

ڕاکە... گەورەم ڕاکە خێراکە ڕاکە.. ...

دەستی بۆ دەمانچەکەی برد. لە پشتوێنەکەی ئاڵا بوو. نەدەهاتە دەرێ. بەهەموو هێزی خۆی وەها ڕایکێشا شانی کەوتە ژان... نەهاتە دەرێ و پشتوێنەکەی کراوە... بەپەلە پشتوێنەکەی بەستەوە. ـ با جارێ ڕابکەم، بەدەم ڕێگەوە دەریدێنم... بۆ دەرنایەی سەگبابەخێو؟ بۆچی ئەو پشتوێنەت لەخۆت ئاڵاندووە؟

پێیوابوو دەمانچەکە گوێی لێیە... ڕایدەکرد، ئەژنۆی لەدووی نەدەهاتن... دەلەرزین. هەستی کرد لوێچێکیان لم بە قوڕگیدا کردووە. پشووی دەرنەدەهات و مەلاشووی وشک ببوو. هەموو گیانی شەلاڵی ئارەقە بوو. دەستیشی هەر بەدەمانچەکەوە بوو بەڵام پێی نەدەهاتە دەرێ...

ڕاکە گەورەم، گەیشتنێ... بەدوومانەوەن...

ئەشکەوتەکە تاریک بوو. لە دەرەوە زەنازەنا و هەرایەک بوو، کەس گوێی لەکەس نەدەبوو. چۆنیان زانیوە لێرەین؟ کێ ئێمەی دیت؟ نەکا... تۆ بڵێی؟ تۆ بڵێی؟ بە نانی من فرچکی گرتووە، شتی وا ناکا... ئەو نایکا نا. تاوێک لەوەپێش گوتی: گەورەم، سەرم لە پێناوتدا دادەنێم... خەمت نەبێ، ئەگەر لە خۆشیدا لەگەڵت بووم، دڵنیابە تا مردن لەگەڵتم... تۆ بڵێی؟ ئەی ئەو قسانەی بە متمانە و باوەڕەوە نەکرد؟ حەسۆ شتی وا دەکا؟

بیگرن...

ئەوبەری شاخەکەی لێ بگرن.

کەس دەستی بۆ نەبا ها، بە زیندوویی بیگرن...

بیگرن و بیهێنن....

نا، نەیانزانیوە لێرەین... لەو ئەشکەوتە ناچینە دەرێ. بەرەو بنەبانی ئەشکەوتەکە ڕایدەکرد و بە هەناسەبڕکێ دەیگوت: با قانگی بدەن، ئەوان نازانن لێرەوە ڕۆچنەیەکی تێدایە و هەوا دێ. مەترسە ناخنکێین. حەسۆ مەترسە...

دەنگی خەڵکەکە و تەقەی تفەنگ تێکەڵ بوون. شەڕ بوو. لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە شەڕە حەسۆ... کێی لێیە؟ تەقە لەکێ دەکەن حەسۆ؟ حەسۆ وەڵامی نەبوو. دەمی دەجووڵاند و دەنگی دەرنەدەهات. زەق زەق چاوی تێوە بڕیبوو و هەر قسەی دەکرد و دەنگیشی نەدەهات. بە جووڵەی دەمی ڕا هەستی کرد دەڵێ: گەورەم، خاوەنشکۆ... گەورەم... بمبوورە... بمبوورە...

ترس بڕستی لێ بڕیبوو. لەگەڵ ئەوەشدا وەک شێر هەڵچوو... نەڕاندی.... حەسۆۆۆ ۆ ۆ ۆ ۆ ۆ ۆ... یەک بەخۆی هەرای کرد... ئەشکەوتەکە دەنگی داوە... حەسۆ نەهاتبووەوە... هاتەوە هۆش خۆی... گوێی هەڵخست... هیچ دەنگێک نەدەهات... نە تەقە بوو، نە دەنگەدەنگی خەڵک... گوتی با تا بەر زارکی ئەشکەوتەکە بچم. خۆ ناخورێم... دیسان ئەژنۆی لەدووی نەهات. پێیوابوو خەڵکی شار هەموو هاتوونەتە سەری. هەموو زانیویانە ئەو لەم ئەشکەوتەدا خۆی حەشار داوە...

